# ڕێژە

ئەمجەد شاکەلی

که سەددامییان، کەرکووکیان چۆڵکرد، هێزەکانی ماریتر و دەهەزار چەکدارەکەی جەلال تاڵەبانی و دواتریش جەلال تاڵەبانی، خۆیان کرد بە کەرکووکدا، هەموو کورد چاوەنۆڕی ئەوە بوون، کە ئیدی دەسبەجێ، کەرکووک لە عەرەبی عەرەباندن، بژار دەکرێت و تەواوی کوردی ئاوارەی کەرکووکیش، دەگەڕێنەوە سەر جێگە و زێدی خۆیان و دەبنەوە زۆرینەی دانیشتووان و کەرکووکیش دەگەڕێتەوە نێو ئامێزی کوردستانی دایک. جەلال تاڵەبانی، نەک هەر وای نەکرد، بەڵکە دەسبەجێ کۆمیتەیەکی 24 کەسیی لە کەرکووکییان دانا، بۆ ئەوەی دەسەڵات لە کەرکووکدا بگرنە دەست. ئەو 24 کەسە، پێکهاتبوون لە: 6عەرەب، 6 تورکمان، 6کورد، 6 کلدۆ-ئاشووری (مەسیحی). هەر لە رۆژی یەکەمەوە، جەلال تاڵەبانی بە دەستی خۆی، کوردی لە کەرکووکدا کردە کەمینە و ڕێژەی کورد، لە کەرکووکدا کرا بە 25% و 75%ی کەرکووک، کران بە ناکورد. دیارە ئەو هەنگاوە "زۆر نیشتمانپەروەرانەیە"، قایلبوونی پارتییشی لە سەر بووە، دەنا بێگومان ئەگەر وا نەبووایە، یەکدییان دادەپڵۆسا. کە ئەنجومەنی دەسەڵات، لە لایەن ئەمەریکاییەکانەوە، لە بەغدا دانرا، 25 کەس بە ئەندام دانران، بە حیسابی ئەوەی عیراق –دیارە بە کوردستانەکەیشیەوە- 25 میلیۆن کەسە. واتە: بۆ هەر یەک میلیۆن، 1 نوێنەریان لەو ئەنجومەنەدا دانا. 5 ئەندامی کورد دانران. کە باس لە ڕێژەی کورد لە عیراقدا دەکرێت، کورد بە 25%ی دانیشتووانی عیراق دادەنرێن. دانانی 5 ئەندامی کورد لەو ئەنجومەنەدا، دەکاتە ئەوەی کورد 20%ی دانیشتووانی عیراق پێکدەهێنێت، کە ئەمە وا نییە. کە ئەنجومەنی وەزیرانی بەغدا دانرا، 5 وەزارەت دران بە کورد، لەو حوکوومەتەشدا حیسابی کورد وەک 20%ی دانیشتووانی عیراق کرا. لە هەرسێ حاڵەتەکاندا، کۆمیتەی کارگێڕیی کەرکووک، ئەنجومەنی دەسەڵاتی بەغدا و حوکوومەتی بەغدا، کورد کران بە کەمینە. ڕێبەریەتیی سیاسیی کورد، وێدەچێت، لە مەسەلەی ئامار و ژمارە و ڕێژەدا، ئەوەی کە بۆ کوردستان و کورد گرنگە، زۆر کۆڵەوار بن، دەنا ئەوەی کە پێوەندی بە سامان و پارە و پووڵی خۆیانەوە هەیە، نەک هەر چاکی لێ دەزانن، بەڵکە ئوستادیشن تێیدا. ،سەرانی کورد، ئەگەر کەرکووک دڵ و قودسیان بوو و ئەگەر هێندە بەتەنگ کەرکووکەوە بوون، دەبوو هەر ڕۆژی یەکەم، ئەو کارەیان نەکردبا و بە لای کەمەوە بەم شێوەیەیان دانابا: 12 کورد، 10 تورکمان، 1 عەرەب (چونکە لە هەموو مێژووی کەرکووکدا، تەنێ هەندێک گامێشەوان و چەند عەرەبێکی هۆزی حەدیدی لە کەرکووکدا هەبوونە، ئیدی تەواوی عەرەبەکانی دیکەی کەرکووک عەرەبی عەرەباندنن) و 1 مەسیحی. ئەنجومەنی دەسەڵاتی بەغدایش 6 کوردی تێدا بووایەن و حوکوومەتەکەی بەغدایش 6 وەزیری کوردی تێدا بووایەن. کە کارەکان وەک دەبوو ئەنجام درابان، نەدران، دەبوو سەرانی کورد، کە هێندە بە دۆستایەتیی ئەمەریکاوە دەنازێن و خۆهەڵدەکێشن و وەک هاوپەیمان و هاوبەرژەوەند و...باسیان دەکەن، ئەو ڕێژانەیان بە کیرەی قەڵەمێکی ئەو دۆستانەیان، بگۆڕایەن، دەنا کە ئەو دۆستانەیان، چۆلەکەیان بۆ ناگرن، ئیدی بۆچی پێیان دەڵێن کاکە؟.

2003/10/2



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com